# باسی یەکەم
# پۆلێنکردنی کلاسیکی بۆ سیستەمە سیاسیەکان
# (پۆلێنکردنی سیستەمە سیاسیەکان بە پێوەری پیادەکردنی دەسەڵات یان سەرچاوەی سەروەریی)

## داواکراوی یەکەم
## سیستمە تاکڕەویەکان (مۆنارشی)

لە ڕووی زمانەوانیەوە وشەی مۆنارشی (Monarkhia) وشەیەکی گریکی کۆنە لە دوو بڕگە پێکهاتووە. بڕگەی یەکەم (Monos) بە واتای تاك دێت، وە بڕگەی دووەم ( Arkheim) مانای (فەرمان دەکات) دەگەیەنێت، کەواتە وشەی Monarkhia مانای فەرمانڕەوایی تاك دەگەیەنێت. ئەم جۆرە حوکمڕانیە بە کۆنترین شێوازی حوکمڕانی دادەنرێت، کەوا کەسێك ڕابەرایەتی هەموو دەوڵەت دەکاتو هەموو دەسەڵات لە دەستی ئەو دایە، جا هەر ناوو نازناوێکی هەبێت. ئەم شێوازە دوو جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرێت ئەوانیش پادشایەتی ڕهاو دیکتاتۆریەتیە.

**لقی یەکەم/ سیستمی پادشایەتی ڕەها:**

لەم شێوازە پادشا دەسەڵاتەکەی هیچ سنورێکی بۆ نیە وهەر ئەو بە تەنیا خاوەن دەسەڵاتە لە دەوڵەت ، بەو پێیەی ئەو خاوەن هەموو سەروەری دەوڵەتە، بۆی هەیە ئەو دەسەڵاتەی کە موڵکی شەخصی خۆیەتی بە هەر جۆرێك خواستی لێبێت بەکاری بهێنێت، چونکە ویستی پادشا یاساییە بۆ هاوڵاتیان. لە ژێر سایەی پادشایەتی ڕەها هیچ بەهایەك بۆ ئازادی تاکەکان نامێنێت، چونکە هەر کاتێك پادشا ویستی یاسا دەردەچوێنێت دەریدەچوێنێت، وە هەر کاتێك بخوازێت یاساکە هەموار دەکاتەوە یان پاشگەز دەبێتەوە لێ ی بەبێ ئەوەی ڕەچاوی مافـو ئازادیو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان بکات، ئەم جۆرە پادشایەتیە زۆر کۆنە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە و لەسەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپاش باو بووە و ئێستاش لە هەندێك لە سیستمەکانی ئاسیا وئەفریقا و ئەمریکای لاتینی بوونی ماوە.

**لقی دووەم/ سیستەمی دیکتاتۆری:**

شێوازی دیکتاتۆریەت هەمان مانای پادشایەتی ڕەهای هەیە کەوا کەسێك هەموو دەسەڵات لە دەستی خۆی دەگرێتو هەر ئەو بە تەنیا خاوەن سەروەرییە لە دەوڵەتو سەرچاوەکەی یاسایە، بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ پادشایەتی ئەوەیە دیکتاتۆر لە ڕێگای میراتەوە دەسەڵات ناگرتە دەست، بەڵکو بە زیرەکایەتیو هێزو توانای خۆی دەبێتە فەرمانڕەوا. لەوانەیە دیکتاتۆریش پەنا بۆ هەندێك دیاردەی دیموکراسی وەکو ڕاپرسی میلليو هەڵبژاردن ببات، بەڵام ئەمانە ڕاستەقینە نین بەڵکو تەنها بۆ پەیداکردنی شەرعیەتە بۆ دیکتاتۆر، وەکو پڕوپاگەندە بەکاری دەهێنێت لەسەر ئاستی دەرەوەی دەوڵەتەکەیەوە تاکو وا نیشان بدات گوایە ڕژێمەکەی بە دەستهێنەری پشتیوانی میللەتە بۆ شەخصی دیکتاتۆر .

## داواكراوی دووەم
## سیستمی فەرمانڕەوایەتی كەمینە

لەم جۆرە سیستەمە حوكم بە دەستی ژمارەیەكی دیاریكراوە، بە پێچەوانەی سیستەمی تاككڕەوی كە دەسەڵات بە دەستی یەك كەسە. وە سیستەمی كەمینە قۆناغێكی گواستنەوەیە لە سیستەمی تاكڕەوی بەرەو سیستەمی زۆرینە، زۆرینەی دەوڵەتەكانی دیموكراسی پێش ئەوەی ببن بە سیستەمی زۆرینە بەم سیستەمە تێپەڕیون. جا ئەو ژمارە كەسەی دەسەڵات دەگرنە دەست لەوانەیە كۆمەڵەیەك بازرگانو دەوڵەمەند بن، یان هەموویان سەر بە یەك بنەماڵە بن، یان لە كاتی كودەتای سەربازەكان ئەنجومەنێكی بەرێوەبردنی دەسەڵات پێكدەیەنن لە نێوان سەرهەنگەكانی سوپاوە .

وە سیستەمی كەمینە خۆی لە دوو جۆری سەرەكی دەبینێتەوە:

یەكەم: حكومەتی ئەرستۆكراتی: ئەگەر هاتوو دەسەڵات لە دەستی چینێك بوو لەو كەسانەی خۆ بە كەسی نا ئاسایی دادەنێن جا چ لەبەر ڕەچەلەك بێت یا سوار چاكی، یاخود لەبەر زانست.

ئەرستۆكراسی Aristocracy-الأرستوقراگیە (گبقە راقیە أو حكومە النبلاو): ئەرستۆكراسی چینی باڵای وڵاتە كەوا حوكمی وڵات دەكات، لە زمانی سیاسەتدا ئەرستۆكراسی بە(حوكمی پیاوماقوڵان) دەوترێ، هەروەها زاراوەی ئەرستۆكراسی لە یۆنانی كۆن وسەدەكانی كۆندا بەو حكومەتە دەگووترا كەوا دەسەڵات دارەكانی بریتی بوون لەمیرو بەگ وپیاوماقوڵان وبورژوازیەكان. بەڵام مەبەست لەزاراوەی ئەرستۆكراسی لەچاخی نوێدا حكومەتی چینی باڵا دەستە.

دووەم: حكومەتی ئۆلیگارشی: ئەوەش ئەگەر هاتوو جلەوی دەسەڵات بە دەستی كەسانێك بوو كە دەوڵەمەندن.

ئۆلیگاریشی Oligarchyحكم الأ قلیە: ئۆلیگاریشی لەزمانی سیاسیدا بەمانایی دەسەڵاتدارێتی كەمایەتیەك دێت كە ئەو كەمایەتیە یان ئەو تاقمە چ تاقمێكی دەوڵەمەندان بێت یان تاقمێكی دەست ڕۆیشتو بێت كە دەسەڵاتیان بەسەر حكومەتدا هەیە وهەموو هەوڵێكیان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی كەمایەتی خۆیانە.